# خەڵكی هەڵەبجە پێویستیان بە پشتیوانی هەیە

خەڵكی هەڵەبجە جامی نارەزایەتیەكانیان پڕ بووە , خەڵكی هەڵەبجە داوای مافەسەرەتایەكانیان ناكەن , بەڵكو لە بێمافیدا داوای لە مافەسەرەتایەكان خوارتریش دەكەن , بە پێی ئەو زانیارانەی لە ڕێگەی هەفتەنامەی هاولاتی و سایتی پەیامنێر و ڕاگەیاندیكی " چاك " وە , وەلە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی كە بە هەڵەبجەوە كردوومە هەواڵەكان ئەوە ڕادەگەیەنن كە خەڵكی هەڵەبجە بە تاییەتی لاوان و خوێندكاران خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەكەن كە لە ڕۆژی 16 ـ 3 ـ 2006 كە یادی ڕۆژی كیمیابارانی هەڵەبجەیە , ڕێپێوان ئە نجام بدەن و ڕێگا نەدەن بەرپرسان سەردانی هەڵەبجە بكەن . ئەم بڕیارە لەلایەن خەڵكی هەڵەبجەو بە تاییەت لاوان و خوێندكارانەوە هەر لەخۆوە نەهاتووە , بەڵكو بەرئە نجامی پچڕانی پەتی تەحەمول و چاوەڕوانی و بێدەربەستی دەسەلاتدارانە لە ژیان و گوزەرانیان و مانەوەی بریندار و خانووە ڕووخاوەكانیانە وەكو خۆی , زیاتر لە 18 ساڵە خەڵكی هەڵەبجە ڕۆژ ئەدەنە دەم ڕۆژ و ژیانێكی كولەمەرگی بە تەمەنەوە گرێئەدەنەوە , 18ساڵە چەندین ئاڵوگۆڕ ڕوویدا , لە هەڵەبجە چەندین دەسەلات هاتوو ڕۆی , چەندین كەس بەسەر قوربانیەكانی هەڵەبجەوە بوونە دەسەلاتدار و سەرمایەیان كۆكردەوە , بەلام ئەوەی لە جێگای خۆی ماوەو گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە ژیانی خەڵكی هەڵەبجەیە . هەڵەبجە جێگایەكی ئەسەری و كۆن نیە تا هەموو ساڵێك بەرپرسان و دەسەلاتداران بچن بۆ سەردانی و بەسەری بكەنەوە , هەڵەبجە شانۆیەك نیە هەموو ساڵێك چەند بەرپرسێك بێن و نمایشی سیاسی خۆیانی تیدا ئە نجام بدەن , هەڵەبجە پەیكەرێك نیە هەموو ساڵێك چاوەڕوانی بازرگانێك بكات كە بێتو پەردەكەی هەڵداتەوە . هەڵەبجە شارێكە ژمارەیەك ئینسانی تێدا دەژین كە بە چەكی قەدەغە كراو كۆكوژ كرانە قوربانی قازانج پەرستی و شەڕی ملهوڕانەو پاوان كردنی ناوچەكە , هەڵەبجە شارێكە هەتا ئێستاش خەڵكەكەی بە شێوەی جۆراو جۆر كیمیاباران دەكرێن و برینەكانیان وەك خۆی ماوە . خەڵكی هەڵەبجە هەموو ڕۆژێك لە كۆڵن پاوڵەوە بۆ بریمەر و نوێنەرانی سەدر دەهێننە سەر سنگیان و كۆیان دەكەنەوەو بەلێنی ڕەنگاو ڕەنگیان پێدەدەن و دواتر لە بیر ئەچنەوە .

خەڵكی هەڵەبجە ئەمساڵ دەیانەوێت بە دەسەلاتداران بلێن ئیتر بەوادەو بەڵێنەكانتان خۆمان ناخەڵەتێنین و ئێمە ژیانمان دەوێت , ئێمە ئاو , كارەبا شەقامی پاك , سارێژی بریندارەكان , ئێمە نامانەوێت خەڵك لە خانوویەكدا بژین كەبە تەنەكە دروست كرابێت . داواكانی خەڵكی هەڵەبجەو نارەزایەتیەكانیان بەرهەقن وخواست و داواكاری هەر ئینسانێكە كە دڵی بۆ عەدالەت و ئینساندۆستی لێدەدات , خەڵكی هەڵەبجە بێمافیەكانیان هێناونێتەگۆو ئیتر ناتوانن لەوە زیاتر چاوەڕێین ڕۆژانە مۆمی تەمەنیان بسووتێت و ژیانیان وەك خۆی وابێت .

من بەم نامەیە بانگەوازی سەرجەم

ئازادیخوازان , ئینساندۆستان , نوسەران و ڕۆشنبیران لە کوردوستان و دەرەوە هەرکەسێك خەمی خەڵکی هەڵەبجە بە خەمی ئینسانی خۆی دەزانن دەکەم پشتیوانی لە داواکاریەکان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی هەڵەبجە بکەین و نەیەڵین ئەم دەنگە کە بۆ داواکردنی ژیانە کپ بکرێتەوە, با مەراسیمەکانی یادی هەڵەبجە بکەینە ڕۆژی پشتیوانی کردن لە خەڵکی هەڵەبجە , با شیعر و گۆرانیەکان , ووتار و پەخشانەکان , بەرنامە و چاوپێکەوتنەکان , بکەینە شێوازێك بۆ پشتیوانی کردن لە خواست و مافەئینسانیەکانی خەڵکی هەڵەبجە.

بژی ژیان

بژی خەڵکی هەڵەبجە

بژی سەنگەری پشتیوانی لە خەڵکی هەڵەبجەو مافە ئینسانیەکانیان

هیدایەت مەلا عەلی

hidayat_malaali@yahoo.com